# ئاوێنەکانی چارەنووس

ناڵە حەسەن
کەنەدا / ئایاری 2005

( 1 )



ژنێک لە نێو کێڵگەکانی با
خۆی لە گەردەلوولی خەونەکانم ئالاندووە
یاری بە زەنگیانە رەنگاورەنگەکانی تەمەنم دەکات
مۆمی نێو چاوەکانی مانگ دادەگیرسێنێ
لەودیو وەرزەکانی روناکی خۆی رووت دەکاتەوە
لە گەل گەلاکانی ئاو و
بورژانگەکانی گیا سەمام بۆ دەکات و
نەرم نەرمیش بە ئاوێنە شکاوەکانی چارەنووسم
پێ دەکەنێ ... !

( 2 )

منی مەستتر لە باران و
فێنکتر لە بەیانی
شل شل و تاو تاو
کێڵگەکانی با و روناکیەکانی مانگم بەجێ هێشت
خەونە خرپنەکانی خۆمم گرتە باوەش
توند توند ... توند توند توند
هێندەم گوشین ,
تا زیندەگیم بەخشی بە جوانیەکانی تریفە
شل شل و تاو تاو
بۆ نێو قولاییە تاریکیەکانی شەو

چوومە خوارەوە .
شارێک پراوپر لە گومبەزەکانی گوناهـ و
دۆڵێک پراوپر لە ئەشقیای سەرمەدی
سروود و سوورەتە سێویەکانیان دەخوێند
تا دەهات /
هەنگاوەکانم بە گورتر و گەرمتر دەبوون
تا دەهات /
مەشخەڵە بلێساوییەکەی نێو چاوەکانم
ئەشکەوتەکانی ئاسمان و
ئاسمانەکانی نێو دەریای رۆشنتر دەکردەوە .
تا دەهات /
بارێزە سەوداسەریەکانی خەیاڵم
سەرفراز و شەهوەتباز و رەنگاڵەتر
سەرمەستتر و سەفاتر وسۆزانیتر
شۆختر و شەنگتر و شەنگەبیتر
روونتر و رەنگینتر و رەهاتر ... دەبوون ... !
منیش / بێپەروا و بێپەروا و بێپەروا
سەرفراز و سەرمەست و سەفا و سۆزانی
شەهوەتباز و شۆخ و شەنگ و شەنگەبی
رەنگاڵە و روون و رەنگین و رەها ....
خۆمدایە دەست
کانیاوە بەفریناوییەکانی جوانی ... !
جوان جوان بازمدایە نێو
ئاوێنە سەرابیەکانی ئەڤینی
لەوێندەرێ /
لە ئایندەی خۆمم روانی
لە تیشکە دوورەکانی کازێوە و
لە مەرجانە کریستالیەکانی عەشق و
لە وەرزە ئارامییە میهرەبانییە رابردووەکانی تەمەن .

شل شل و تاو تاو
له نهێنیه پەریشانیەکانی غوربەت و
له جەسته مۆمیاوییەکانی خۆرەتاو و
له کەپره رەنگاورەنگەکانی ئاینده و
له پەپووله باڵشکاوەکانی ,
نێو مەراقەکانی خۆمم روانی ... !
سروودەکان و سوورەتەکان و خەونەکان و هاوکێشەکان و
پرسیارەکان و گومانەکان و نهێنیەکان و رازەکان و ئومێدەکان و
شیعرەکانم شیکردەوە .
جەستەی خۆم و ئاوێنه شکاوەکان و گەڵا وەریوەکانم
کۆکردەوە ... شل شل /
مرواریيه رەنگ هەناریيەکانی سەرسینگی شاژنه شلێریەکانی
نێو عیشوە و نازی پەڵکەزێرینەشم .. کۆکردەوە ... !
سەرگەردان و بێپەروا
یاخی و یاخی و یاخی
یاخی / له خەونه جوانەمەرگبووەکانی
دەشتەکاکی بە کاکییەکانی غوربەت
یاخی / له چڵەنێرگزه چاوگەشەکانی
نێو خۆزگە و هەناسەکانی سەرسینگی دایکم
یاخی / له فریشته فستقاوییه فاسقەکانی خودا
یاخی / له کچۆڵه شەرمنۆکەکانی کۆڵانه قوراوییەکانی منداڵیم .
یاخی / له هاوارەکانی نێو سەده بازنەییەکانی زەمەن ... !
یاخی و یاخی و یاخی
هەر بەو حەسرەته کوشنده دڵتەرانەوە
شل شل و تاو تاو
به ئاوێنه شکاوەکانی چارەنووسی خۆم تێر پێکەنیم ... !

ئایاری 2005